وەزارەتی کشتوکالی عێراق چەند مەرجێکی لەبارەی هاوردەکردنی گۆشت بڵاوکردەوە



وەزارەتی کشتوکالی عێراق، چەند مەرجێکی لەبارەی

هاوردەکردنی گۆشت راگەیاند ، ئاماژەی بۆکرد، ئەم ڕێکارانە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی

کورتهێنانی بەرهەمی ناوخۆیی.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، محەمەد خەزائی، وتەبێژی وەزارەتی کشتوکالی عێراق ڕایگەیاند، وەزارەت کەمێک

مەرجی داناوە کە دەبێت بەسەر گۆشتی هاوردەکراودا جێبەجێبکرێت.

ئاماژەی بۆشکرد، یەکێک لە مەرجە گرنگەکان بریتییە لە هاوردەکردنی گۆشتی بەستوو لەو وڵاتانەی

کە بڵاوانەمی تەندروستیی ڤێتەرنەریان هەیە.

هەروەها، وڵاتانی هێناردەکار دوور بن لە نەخۆشییە مەترسیدارەکان، وەک نەخۆشی هاریی مانگا.

باسی لەوشکرد، مەرجەکی دیکە ئەویە، گەشتەکە لەو ماتانەوە هاوردەبکرێت، کە پێشتر وەزارەت سەردانی کردوون و سەربەخانەکانیان باوەڕپێکراو بووە.

هاوکات، گەشتی هاوردەکراو لەگەڵ تایبەتمەندیی ستانداردی عێراقی ژمارە ١١٨٥ بگونجێت، کە تایبەتە بە گەشتی بەستووی مانگا، گامێش، مەڕ و بزن.